# سەرکردەکانی یەکیتی و پارتی کردەوەکانی رژیمی بەعس دووبارە دەکەنەوە

Alan Sabeir
alanfathullah@msn.com

هەر کەسێکی بە ویژدان تەماشای رووداوەکانی 3 ساڵی دوای رووخانی ریژیمی بەعس بکات ئەو راستی دەتوانیٚ بە ئاشکرا ببینیٚ کە سەرکردەکانی یەکتی و پارتی باشتر بلێم (تالەبانی و بارزانی) هەمان کاروکردەوەکانی رژیمی بەعس دووبارە دەکەنەوە لە بەرامبەر خواستەکانی خویندکاران ولاوان وفەمانبەران ودەست فرۆش وسایەق شوفیر و مامۆستایاندا بە ئاگرو ئاسن وەلامی داواکاریەکانیان دەدەنەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمینیٚ دەسەلاتی ئەم دوو حزبە نامۆن بەسیستەم و دەسەلاتێکی ئەمرۆی کە لەدنیادا بەرێوەدەچیٚ کە ماف وئەرکەکانی تاکی کۆمەڵ و ئازادی سیاسی و فەردی و مەدەنی یەکان و رێکخراوە پێشەیەکان بەدور لە زەخت و زۆری ئەحزاب،وسەربەخۆ وبنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی تیا بروا بەرێوە.

ئەم دەسەلاتەی ئیستا لە کوردستاندا هەیە دەسەلاتی میلیشای و زەخت و زۆر و فشارو سەرکوتگەرە، دورە لە قازانج و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان وژنان و لاوان و خۆیندکاران.. خۆیان چوونیان پێخۆشە ئاوا سنوری ماف و دەسەلاتو هەڵسوکەوتی خۆیان لەژیر ئەو ناوچانەی دەسەلاتیان هەیە دیاری دەکەن، قانوون و یاسایەکی مەدەنی نی یە، ئەوەی رژیمی بەعس داینابوو ئەوانیش بە میرات بۆیان ماوەتەوە.

تەماشا بکەن ئەوە سیٚ سالە دەڵێن بەعس نەماوە قانوون دادەنێین، دەستوور دادەنێن بە ئیدعای خۆیان دیمکراسی پەیرەوی لیٚ دەکەن وژیانی خەڵك چاك دەکەن بەلام ئەوەتا کەوتوونەتە سەرکوت وداپلۆسینی خۆپشاندانە جەماوەریەکان، قسەکردن وەیان رەخنە گرتن بەم دوو دەسەلاتە قەدەغەیە، خۆپشاندان قەدەغەیە، بەرزکردنەوەی داخوازیەکانی خۆیندکاران ولاوان قەدەغەیە باسی ماڤی ژنان قەدەغەیە ،ووتار نووسین وکۆبوونەوە قەدەغەیە ئەگەر ووتارت نووسی چارەونووست وەك دەکتور کەمالی سەید قادری لیٚ دیٚ دوای رفاندن ، ئاشکرا بوو دەسەلاتەکەی بارزانی رافاندوتی 30 سال حکوم دەدریٚ دواتر بەفشاری خەڵکی ئازادی خواز لەدنیاو لەکوردستان کەم دەکریتەوە دواتر بە عافواتی نیچیرەوان بارزانی ئازاد دەکریٚ ئەمە یاساو قانوونی کوردستانە کە براوابکەنە بە فلیمیش ببینن باوەرناکەن.

بەشدار عەلی قووتابیەکی چالاکی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر شەوی 22\23–3 دەیرفینن لەسەر تەنها دۆزی خۆیندکاران و لاوان کە چالاکی سیاسی دەکات و بەرگری لەمافەکانی ژنان دەکات ، ووتار دەنووسیٚ لەسەر تەنها قسەکردن بەبۆنەی 8 مارس رۆژی جیهانی ژنان لەزانکۆ لەحزووری چەند ئەندام پەرلەمانێك دیفاع لەمافەکانی ژنان دەکات لەکۆبوونەوەیەکدا،کەچی شەو دەیرفینن دوای ئەشکەنجە دان و ئازارو سووکایەتی شەو لەنزیك ماڵی خۆیان فریی دەدەن.،سەرکوتی خۆپشاندانەکانی رانیەو کەلارو کۆیە ،رێگە نەدان بەخۆپشاندانی خۆیندکاران و مامۆستایان ،هاوکات سەرکووتی خۆپشاندانی  هەلبجەو ویادی کارەساتی خۆیناوی ئەنفال، گرتنو روانانی گەنجان  لەلایەن یەکیتی یەوە ،بەپێچەوانەشەوە سەرکووتی نارەزایەتی یەکانی خۆیندکاران ونارەزایەتی جەماوەریەکان لە ئاکریٚ و دهۆك لەلایەن پارتی یەوە ..

باسکردنی ئەم نموونانە سەلمینەری ئەو راسیتی یەن دەسەلاتی پارتی و یەکیتی بەبیٚ سەرکوت و داپلۆسینی مخالفینی خۆیان ناتوانن دریژە بەژیانی خۆیان بدەن .

ئەوەندە بەسە ئەوا رژیمی بەعیش نەما لەناوچوو بەلام بەدوای 35 سال حاکمیتی ئەم رژیمە هارە ئەوەتا ماف و ئازادی فەردی و مەدەنی یەکان وخواستە ئینسانی یەکانی خەڵکی کوردستان دەبەنەوە ژیر سایەی دەسەلاتێکی ئیسلامی وشەریعەتەکەیان کە هیچ سازگاریەکی بەماڤی ئینسان نی یە ...خەڵکی کوردستانیان چاوبەست کرد کە ئەمریکا دیمکراسی بۆ خەڵکی عیراق بەدیاری دەهینیٚ لەکاتیکدا دیکتاتۆریك لەناوچووە سەدان دیکتاتۆری تر لە عیراقدا هاتووە مەیدان خەڵکیان لە نائەمنی و شەروکوشتار تیرۆر وشەری ناخۆ راگرتووە .. چارەنووسی خەڵکی کوردستان دوای ئەو هەموو دەبەدەری و ئەنفال و کیمیا باران واعدام و سەرکوت گیراوەتەوە نیو باوەشی ئیسلامی وفاشتە قەومی یەکان کە هیشتا هیچ لەگۆریٚ نی یە هەرەشە لەسەربەخۆی کوردستان مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن.

ئیتر بەس نی یە پرسیارێك لەخۆمان بکەین ،کاتی ئەوە نەهاتووە خۆمان رێکخراو بکەین ،دەستی خۆمان لەیەخەی ئەم دوو دەسەلاتەی کوردستان بکەینەوە کە غەرقە لە فەسادو گەندەلی ئیداری و دەسەلاتێکی سەرکوت وکەلەکەکردنی سامان و مال و پرکردنی بانقەکان ئەورپاو گیرافان پرکردن کە هیچی بەدەردی خەڵکی کوردستان ناخوات ،ریگە نەدەین بەعسێکی تر لەکوردستان دووبارە بیتەوە ..خۆیندکاران و لاوان و ژنان و کریکاران و فەرمانبەران ..بتوانن ئازادانە ئیرادە بکەن خواستە ئینسانی یەکانی خۆیان بەدی بهێنن کە زۆر سەرەتایین ،ئازادی رۆژنامەگەری وخۆپشاندان، مانگرتن و چاپەمەنی ..مافەکانی ئینسانی یەکانی ژنان وئازادی بەمعنای کەلیمە جێبخەین،من دلنیام لەم هەنگاوەدا تەنها نیین ئەو نارەزایەتیانەی ئەمرۆلە زانکۆکانی هەولیر و سلیمانی و دهۆك وکۆیەو،وەجەماوەری نارازی هەلبجە و گەرمیان بەرێکەوتووە  هەوالێکی دلخۆشکەرە و سەرەتایەکی گرنگە بۆ ژیانیکی ئینسانی تر دوور لە ئازارەکانی رژیمی بەعس.